گولان
ژمارە (٧٧٧)
٢٠١٠/٤/١٩



# تەسریحەی کورت وەک مۆدەیەکی رازاوە









مۆدەکانی قژ هەر یەکە بەپێی جۆری قژ و ستایلەکەی خۆی دەبێ، تەنانەت دەبێ شێوەی قژ بە جۆرێك بێ لە نێوان مۆدە و ستایلەکان ڕەنگدانەوەی جوانی و ناسکی بێ، یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی قژ بریتییە لە قژی کورت، تەنانەت دەکرێ مۆدەیەکی جوانی لەسەردا دابنرێ، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ گشت جۆرە قژێك دەگونجێ، ئەمەش بەپێی جوانی و رازاوەیی مۆدەکانی قژ. لێرەدا دەکرێ ئەم تەسریحەیە لەگەڵ چەندین ستایلی دیکە تێکەڵ بکرێ و جوانییەکی گەورە ببەخشێ. شێوازی بڕینەکان لەگەڵ شێوەی مۆدەی قژەکە دەبێ، بۆ نموونە قژەکان لە مۆدەیەك لە مۆدەکان وەك تەسریحەی خاو، هەروەها دەبێ لە مۆدەیەکی کورتدا بێ. زیاتر مۆدەیەکی تایبەت لەم جۆرە قژە پێوەی جوان دەردەکەوێ، کە بریتییە لە مۆدەی قژی بڕاو بەرەو پێشەوە، کە بە تەسریحەی مودەرەج ناسراوە، لەم جۆرە مۆدەیە مەرجی ڕەنگەکان گرنگ نییە، دەکرێ ڕەنگەکان جۆراوجۆر بن.





# جوانی و ناسکی کراس

بۆ جوانی وەرزی گەرما و بەهار، چەندین تایبەتمەندی بە جلەکان دەدرێ، لەگەڵ ئەوەی مۆدەکانی جلوبەرگ هەر یەکە بەپێی شێوازێکی جوان دادەنرێ، کەچی دەبێ لە جلەکان ڕەنگدانەوەی جوانی و کراوەیی لە مۆدەکان بەدی بکرێ. یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی جلوبەرگ بریتییە لە کراسەکان، چەندین مۆدەی کراسەکان لەگەڵ شێوەیەکی تایبەتدا دەردەکەوێ، تەنانەت هەر کراسێك جوانییەکی کراوەی هەیە. مۆدەیەك لە کراسەکان، دەکرێ سوودی لێوە وەربگری بۆ

# ئێکسسواری بازنگ بۆ جوانکردنی دەستەکان



گشت ئێکسسوارەکان دەبێ لە ڕەنگ و شێوەیەکی تایبەت بن، ئەمەش وەك ڕێگەیەك بۆ جوانی بەخشین، هەروەها دەبێ لەگەڵ شێوازەکانی دیکە جیاوازی هەبێ، تەنانەت جوانی ئێکسسوارەکان بەپێی کراوەیی و جوانی کەرەستەکان دەبێ، هەر ئێکسسوارێك لەگەڵ کەرەستەکانی دیکە دەبێ ڕەنگدانەوەی جوانی زیاتری هەبێ، بە تایبەت ئەو ئێکسسوارانەی کە لە شوێنی بەرچاو دادەنرێن. ئەو ئێکسسوارانەی بەرچاون بریتیین لە : ملوانکە – گوارە – بازنگ، لێرەدا باس لە ئێکسسواری بازنگ دەکەین، کە وەك کەرەستەیەکی تایبەت و جوان، زیاتر دەستەکان رازاوە تر و جوانتر دەکات، لەگەڵ بوونی شێوەیەکی جوان بۆ بازنگەکان، دەکرێ جوانییەکی تەواویان لێوە وەربگرین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە ناسکی و کراوەیی دەربکەوێ، زیاتریش ئەو بازنگانە دەبنە مۆدە، کە شێوەیەکی گەورە و نەخشێکی تایبەتیان هەیە.











# مۆدەی کراسە تەسکەکانی بووک

خانمە بووکەکان بەردەوام مۆدەی تازە دادەهێنن، هەر مۆدەیەك جوانییەکی کراوە و ناسکی تایبەت بەخۆی هەیە، شێوازەکان بەپێی کراسەکان دەوەستێ، چونکە هەر مۆدەیەك لەگەڵ شێوازێکی جەستەدا دەگونجێ، تەنانەت دەبێ کراسەکان لەگەڵ جەستە بگونجێن، بۆ ئەوەی بە جوانی و رازاوەیی دەربکەون، یەکێك لە مۆدە جوانەکانی کراسەکان بە مۆدەیەکی بۆدی دادەنرێ. مەبەست لەم جۆرە مۆدەیە کە کراسەکان لەگەڵ جەستەدا هاوشێوە دەبن، واتە بەهۆی تەسکی و گونجاندنی لەگەڵ سەرتاپای جەستەدا دەبێ، شێوەی ئەو بەدلانە وەکو کراس دەبێ، جەستەی خانمان لە شێوەی ماسی دەردەکەوێت، بەمەش دەبێتە جوانییەکی رازاوە و کراوە لە رۆژی ئاهەنگی خانمان. بوونی نەخشێکی ورد و بچووك یەکێکە لە هۆکارە سەرەنجڕاکێشەکان، بە تایبەت لەم کراسەدا کە بە شێوەیەکی روون و بەرچاو دەردەکەوێ، چونکە لەسەر جەستە دەوەستێ و بە کراوەیی دەبێ.





## ...ەکان لە جەستەی خانمان

کاتی بۆنە و شوێنە گشتییەکان، تەنانەت دەکرێ بۆ ماڵ یان کاتی تایبەتیش بپۆشرێ، ئەویش مۆدەی کراسە کورتەکانە، لەگەڵ بوونی نەخشێکی جوان و رازاوە لە کراسەکان، چەندین رەنگ دەکرێ ئامادە بکرێن بۆ جوانی کراسەکان، ئەمەش بەپێی جوانی و حەزی خانمەکان دەوەستێ، لەوەی چ جۆرە رەنگێك هەڵدەبژێرێ تاوەکو کراسەکەی لەسەر دابنرێ، زیاتر کراسەکان رازاوەتر دەبن کاتێك بە شێوەیەکی کراوە و ناسك لەسەر جەستەی خانمان دەوەستێ.




## چاویلکە ئێکسسوارێکی سەرنجڕاکێش

بەهۆی بەهێز بوونی تیشکی خۆر و رووناکی، گرنگی و تایبەتمەندی چاویلکەکان بە رێگەیەکی بەرچاو و روون دەردەکەوێ، تەنانەت وەك ئێکسسوارێکی گرنگ سەیر دەکرێ، چونکە شێوەیەکی بەرچاو و دیمەنێکی کراوەی هەیە، لەگەڵ هەر شێوەیەك لە چاویلکەکان دەکرێ سوودیان لێوە وەربگیرێت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گرنگی و جوانیان دەربکەوێت. یەکێك لە مۆدە ناسکەکانی چاویلکە بۆخانمان، دەبێ شێوەیەکی گەورە و کراوەی هەبێ.

جوانی ئێکسسواری چاوێلکە لەم کاتەدا دەبێ لەگەڵ ستایلی جلوبەرگ یان رەنگی قژ بگونجێ، ئەمەش وادەکات جوانییەکی رازاوە و ناسك دەربکەوێنێت. چاویلکەکان دەکرێ هەر رەنگێك بن کە حەزی لێدەکەن، بە تایبەت ئەو رەنگانەی لەگەڵ پێستی دەم و چاو دەگونجێن، زیاتریش لەگەڵ ئەو ماکیاژەی بۆ رووخسار دەکرێ، لێرەدا گرنگی چاوێلکە وەك مۆدیەکی جوان و کەرەستەیەکی بەسوود دەردەکەوێ بۆ جوانی چاوەکان.







# سەیرترین وێنە لە شێوەی ئاو و چیا!

کاره سەیرەکان لە بواری بۆیە کردن و وێنەکێشان چەندین لایەنی سەیر لە خۆ دەگرێ، تەنانەت هەندێك کارەکانی وێنە کێشان شێوەیەکی دیکەی سەیر دروست دەکات، وەکو راستەقینە دەردەکەوێ، بەڵام تەنیا لە رێگەی بیرۆکە سەیرەکان ئامادە دەکرێن و دەبنە لایەنێك لە وێنەیەکی راستەقینە. ئەوەی دەیبینن هەوڵێکی وێنەکێشێکی وڵاتی ئەمەریکایە لە ویلایەتی هاوای، کە توانیویەتی تەنیا لەسەر شوێنێکی رۆیشتن، وێنەیەك بکێشێ کە هاوشێوەی ئاو دەربکەوێ، یان چیایەك لە سەهۆڵ بێ،



# هەرقەلی ئەم سەدەیە

مرۆڤی وا هەیە کە توانای جەستەیی چەندین بەرامبەر مرۆڤێکی ئاساییە، بەجۆرێك مرۆڤ بیری بۆ لای پاڵەوانی ئەفسانەیی یۆنانی هەرقەل دەچێت. ئەو مرۆڤە پاڵەوانانە بە توانا زۆرەکانیان کاری وادەکەن جێگەی تێرامان و سەرسوڕمان بێ.

بۆ نموونە ئەو پیاوە ڤێتنامییە، کە تەنیا بە پایسکلەکەی توانیویەتی بارێك هەڵبگرێت، بارێك کە هی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکانە.

کەچی ئەو پیاوە تەنیا بە هێزی دەستەکانی بارە گەورەکە رادەکێشێت، ئەمەش بۆتە جێگەی سەرنجی ئەوانەی ئەو دیمەنە دەبینن!



# لە ئامێزی سەریندا بخەون!

کەرەستە سەیرەکان بە چەندین کاری جوان و سەیر دروست دەکرێن، تەنانەت وەك کەرەستەیەك بەکاردەهێنرێ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سەرەنجی گشت کەسێك راکێشێت.

هەروەها وەك پێویستییەك بێ بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت، ئەوانەی حەز دەکەن لە نزیك کەسێکەوە بخەون، یان هەست بە خۆشی دەکەن ئەگەر لە باوەشی کەسێك بن، زیاتر هەست بە حەسانەوە دەکەن، بۆ ئەوانەی کە هیچ کەسێك شك نابەن لەپەنایان دا بخەون، رێگاچارەیەکیان دۆزیوەتەوە.

کۆمپانیایەکی کۆری کە تایبەتە بە کەلوپەلی پێویستی خەوتن، هەڵسا بە دروستکردنی سەرین لە شێوەی مرۆڤ، لە هەردوو رەگەزی کوڕ و کچ، ئەوەی بیەوێ دەتوانێ بە ئاسانی دەستی بکەوێ و شەوانە لەگەڵ ئەو سەرینە شێوە مرۆڤانە لە خەوێکی خۆشدا تا بەیانی لە باوەشی سەرینەکەیدا بێ.

# لیمۆزین باڵای درێژتر بووە

ئۆتۆمبیل لەوکاتەوەی داهێنراوە، گەلێك گۆڕانکاری بەسەر دیزاینەکەیدا هاتووە، قەبارە و سایز و شێوە و مۆدێلی بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، هەروەها شێوازی کارکردنیشیان گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە ئەو ئۆتۆمبیلە گەورەیەی کە ئێستا لەو وێنەیەدا دەبینن. ئۆتۆمبێلی لیمۆزین، یەکێکە لە ئوتۆمبیلە درێژەکانی جیهان، تەنانەت ئەو لیمۆزینە، جیاوازی هەیە لەگەڵ گشت لیمۆزینەکانی هاوشێوەی خۆی، چونکە سێ ئەوەندەی ئوتۆمبیلێکی ئاساییە، بەهۆی ئەو شێوە درێژەی کە لێوەی دروست کراوە، ئەمەش لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمەریکی، بۆ ئەوەی ببێتە ئوتۆمبیلێك ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکات.







لە دوورەوە وەك ئاو وایە، لە نزیکەوە وەك چیایە سەهۆڵەکان دەردەکەوێ، کەچی لە راستەقینەش تەنیا وێنەیە و بە دەستی (مارك ویلب)ی وێنەکیش دروست کراوە.





# رۆبوتی هاوشێوەی خۆت!

لەمەودوا دەتوانن هاوشێوەی خۆتان و لە رووخسار و شێوازدا وەك خۆتان لەگەڵتان بژی، مەبەستم ئاوێنە نییە واش بیرمەکەنەوە کە وێنەکانتان دەڵێم. لە وڵاتی ژاپۆن لەلایەن کۆمپانیای دروستکردنی رۆبۆتەکان، دەتوانن رۆبۆتێك دروست بکەن لە شێوەی خۆت بچێ.

پرۆگرامەکەی ئەو رۆبۆتە بەجۆرێك دانراوە کە وەکو خۆت پێبکەنێ و جووڵە بکات، لەگەڵ ئەوەی رووخساری بە جوانی دەردەکەوێ و هاو شێوەی مرۆڤ دەبێ، تەنانەت دەتوانیت جۆرە بەرنامەیەکی بۆ دابنێی، کە وەکو خۆت جووڵە و هەندێك قسە بکات.

# پیاوە گڵ خۆرەکە

مرۆڤی وا هەیە کە خولیای شتێك دەبێ، یان حەز لە شتێك دەکات، لەگەڵ ئەوەی زیانی هەیە، کەچی ناتوانێ لێوەی دوور بێ و بە بەردەوامی لەگەڵ کارەکانیاندا دەژی، ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنە ناوازەیە، ئەوانە لە رێگەی کارەکانیان دەتوانن ئارەزووی خۆیان تێر بکەن لەو شتەی حەزی پێدەکەن.

ئەو پیاوە لە وڵاتی هیندستان دەژی، خولیای منداڵی بریتی بوو لە خواردنی گڵ و خۆڵ، ئەو خۆڵەی کە کەرپووچ و کەرەستەی دیکەی لێوە دروست دەکرێ، ئەو پیاوە ناوی (بارساتۆ لال) و خەڵکی شاری ئۆتارە، رۆژانە بڕێکی زۆر خۆڵ دەخوات، تەنانەت کەرپوچ وەك نان دەخوات، نۆشی گیانی بێ! رەنگە بەتامیش بێ!





# ئەوە پاسەوانە یان پەیکەر!



زۆر جار پاسەوانەکان دەبینین هەر یەکە لە شیوێنێك کاری خۆی دەکات بۆ ئەوەی پاسەوانی لەم شوێنەدا بگرێ، ئەمەش دەبێ چاودێری و ئاگاداری شوێنەکان بێ، زیاتریش پاسەوانەکان دەبێ هاتووچۆ بکەن بۆ ئەوەی ئاگاداری گشت شوێنەکان بن، بەڵام یەکێك لە پاسەوانەکان کە جیاوازیان لەگەڵ گشت جۆرە پاسەوانێکی جیهاندا هەیە، ئەویش پاسەوانی وڵاتی بەریتانیایە.
ئەوەی سەیر بێ ئەو پاسەوانانە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك دەوەستن بەبێ ئەوەی جووڵەیەك بکەن، تەنانەت نابێ سەیری ئەم لاو ئەولای خۆشیان بکەن، ئەمەش وەك ئەرکێکی تایبەت پێیان سپێردراوە بۆ ئەوەی وەك پاسەوانێکی رەمزی بوەستن، ئەگەرچی هەر کێشەیەك بێ ئەو پاسەوانانە خۆیان تێکەڵ ناکەن تەنیا ئەگەر شتێکی پەیوەست هەبێ بەو شوێنەی کە پاسەوانی دەکەن، ئەگینا کاری ئەوانە تەنیا وەستانە بەبێ ئەوەی جوولەیەك بکەن یان پشوو بدەن.



# بۆ ئەوەی کە ئۆتۆم

چەندین شێواز هەن بۆ ئەوەی کەرەستەکان لە دزین بپارێزرێن، بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێلەکان دەکرێ دەرگاکان دابخەن یان ئامێری هۆشیارکەرەوە دابنێن، بەڵام ئەمەش هێشتا جێگەی متمانە نییە، چونکە دەکرێ دەرگاکان بشکێنرێن و ئۆتۆمبێلەکە ببردرێت.
کەچی وادیارە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلە توانیویەتی بیرۆکەیەکی جوان و سەیر

# ئەمە بووکە شووشەیە یان مرۆڤە!!



هەندێك مرۆڤ هەیە شێوەکەیان زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە، تەنانەت لە مرۆڤ ناچن و شێوەیان زۆر لە پەیکەر و بووکەشووشە دەچێت، مرۆڤی لەم شێوازە بە ناو و ناوبانگی سەیرو سەمەرە بانگ دەکرێت. بۆ نموونە ئەو کچە نەشمیلانەیە، کە هیچ لە منداڵە هاوشێوەکانی ناچێ و زیاتر لە بووکەڵەیەك دەچێت. ئەو کچە ناوی (میواکوایدۆل)ە و لە وڵاتی تایوان دەژی، شێوەی لە شێوەی بووکە شووشە دەچێ، تاوەکو لە نزیکەوە سەیری نەکەیت، هەست ناکەیت ئەوە مرۆڤە!




# مەیموون یاری ب

مەیموون گیاندارێکە زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی لە مرۆڤ دەچێ، تەنانەت لە چەندین کاری تایبەت و سەیردا لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە. مەیموون ئەو گیاندارەیە کە ئەگەر راینێنی دەتوانی گشت هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دووبارە بکاتەوە. تەنانەت لە بواری وەرزشیشدا. لە وڵاتی مالیزیا چەندین مەیموونیان لە یاری



## بیلەکەت نەدزرێ

بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی ئۆتۆمبیلەکەی، تاوەکو لە دزی کردن دوور بێ، ئەویش بە دانانی زنجیرێکی تایبەت لە نێوان هۆکی ئوتۆمبێل ئەو شوێنەی پێوەی رادەکێشرێ لەگەڵ ویلی تایەکەی بەستۆتەوە بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ ئوتۆمبێلەکە جوولەیەکیشی پێ بکات، بەڵام بیری لەوە نەکردۆتەوە کە دەکرێ ئەو زنجیرەیەش بە ئاسنبڕ ببڕێتەوە.




## ۆکسینیش دەکات

بۆکسێندا بەشدار پێکرد، ئەوەی سەیر بێ وەکو مرۆڤ توانیان یارییەکە ئەنجام بدەن، تەنانەت وەکو مرۆڤ داوای پشوویان دەکرد، یاریەکە بە چەندین دیمەنی سەیر و جوان تێپەڕێ، بۆیە دەکرێ سوود لە گیانداری مەیموون وەربگرین بۆ ئەوەی لە چەندین نمایشی تایبەت و جواندا کاری لەم جۆرە ئەنجام بدەن.

# کەلـوەکان



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

تۆ کەسێکی بڕوایەکی زۆرت بە توانای خۆت هەیە ئەمەش یارمەتیت ئەدات خەونەکانت بەدیبهێنی، ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستت بە متمانە بەخۆبوون هەیە و هەوڵ بدە لەسەر ئەم ئاراستەیەی ئێستا بەردەوام بیت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەندێك جار بەدەست خۆت نییە شتەکان پێچەوانەی خواست و ئارەزووەکانت دەبن ئەگەرچی لەوانەیە خۆزگەشت بەو شتانە خواستبێت، واباشترە زیاتر بیر لەهەنگاوی داهاتووی ژیانت بکەیتەوە لەبەر ئەوەی زۆر گرنگە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

دەرگای خەم و ناخۆشیت بە ڕوودا دادەخرێت و کاتێکی وات دێتە پێش کە ڕۆژە سەختەکان لەیاد بکەیت، هەرگیز چاکەی ئەو هاوڕێیەت لەیاد مەکە کە لەکاتە سەختەکاندا هاوکاری دەکردیت و تۆش هەمان هەڵوێستی ئەو کەسە دووبارە بکەوە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

چەند کارێك هەن دەمێکە دواتخستوون و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە جێبەجێیان بکەی. ئەمە ماوەیەکی تاڕادەیەك زۆری پێویستە و تۆش پێویستیت بە ئارامیەکی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی کۆتاییان پێ بهێنی.




### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

ڕەنگە ئەمە قەدەری تۆ بێت، زۆر جاری تریش خۆشەویستی لەدەرگای دڵتی داوە و پێشوازیت لێ نەکردووە تا دواتر پەشیمان دەبیتەوە، ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا لەبەرامبەرەکەت بڕوانیت لەوانەیە لەدەستت بچێت ڕێگایەکی تر بدۆزەرەوە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەرامبەرەکەت زۆر لەمێژە چاوەڕوانی نیگایەکت لێدەکات بۆ ئەوەی هەستی خۆی پێت بڵێت، ئەگەر تۆ دەتەوێت ئەو کەسە ببێتە خۆشەویستت هەنگاوێك بڕۆ پێشەوە ئەو کاتە دەبینیت چۆن پێشوازیت لێدەکات و خۆشەویستی نێوانتان دەست پێدەکات.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەمێك پشوو بدە و کاتی زیاتر تەرخان بکە بۆ دانیشتن لەماڵەوە، ئێستا هەست بە بێزاری دەکەی لەژیانت ڕۆژێك دێت پەشیمان دەبیتەوە بۆ ئەو کاتەی ئێستات کە هەرچەندە دەتوانی زۆر خۆشتری بکەیت بە پەیڕەو کردنی پلانێکی سەرکەوتووتر.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

خۆشەویستی دوولایەنە ئاسوودەت دەکات بۆیە عاشقی کەسێك مەبە کە دڵنیای خۆشتی ناوێ و تەنانەت ڕقیشی لێت دەبێتەوە، بە ڕێگایەکی تر بەختی خۆت تاقی بکەوە و داوای خۆشەویستی لەکەسێك بکە کە وا هەست بکەی ئەویش تۆی خۆشدەوێت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەو شتەی خەونی پێوە دەبینی لەئایندەیەکی نزیکدا دەبێتە ڕاستی و چاوەڕوانی هەواڵی تری سەرنجڕاکێش و خۆش بە کە بیرت لەوە نەدەکردەوە وەها بە ئاسانی بێنە دی، بۆ ئەنجامدانی گەشتێکی خۆش خۆت ئامادە بکە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

نامەیەکت پێ دەگات و بەهۆیەوە یادگاریەکانی ڕابردووت دێنەوە یاد هەرچەندە لەوانەیە زۆر شیرین نەبن بەڵام دڵخۆش دەبیت بەهۆی گۆڕانی هەستی کەسی بەرامبەرت، چاوەڕوان بە لەچەند ڕۆی داهاتوودا هەواڵێکی زۆر خۆشت پێدەگات کە پەیوەندی بەهاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆتەوە هەیە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەندێ گرفتی بچووکت دێنە پێش بەهۆی هەڵەیەکی بچووکەوە کە لەڕابردوودا ئەنجامت دابوو بەڵام هەر زوو چارەسەریان دەکەیت و بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە. باری داراییت باشتر دەبێت و بڕێك پارەت دەست دەکەوێت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕاستە ئەم چەند ڕۆژە تاڕادەیەك سەختن بەڵام نابێت بێ هیوا بیت بهێنەوە یادی خۆت لەڕابردوودا کاتی ناخۆشترت بەڕێکردووە و کەچی کاریگەری نەبووە لەسەر ژیانت، بڕوات بەخۆت هەبێت و دڵنیابە ئەو گرفتانە زوو کۆتایی دێن.


ئا/ هێمن قەسرەیی
hemntoni@yahoo.com